**ئاوڕدانەوەیەک لە یاریزانە دێرینەکان .. عومەر ڕەزا ... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی**



* ئەنوەر یاری زانێكی دیارو بە توانای تۆپی پێی شاری سلێمانی خەباتی وەرزشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی 1960 زۆربەی ژیانی لاوێتی بۆ وەرزش تەرخان كردبوو، هۆی نە چوونی بۆ قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ كەمدەرامەتی خێزانەكەی لەو سەردەمە، كاك عومەر ئەگەر بكرێت كورتە باسێكی ژیانی وەرزشی خۆیمان بۆ باس بكەیت لەگەڵ وەلاّم دانەوەی چەند پرسیارێكدا.
# عومەر من ناوم عومەر ڕەزا ڕەحیمە ساڵی 1940 لە گەڕەكی چوارباغ لە شاری سلێمانی لە دایك بووم
لە خێزانێكی هەژاردا پەروەردە بووم، سەرەتای دەست پێكردنی وەرزشیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی 1950 كە لەو ساڵەدا بە تەواوەتی خولیای وەرزش بووم، یەكەم تیپ كە یاریم تێدا كردووە تیپی ئاكۆ بووە لە سەرەتادا، پاشان بووم بە ئەندامی تیپی خەبات كە بە باشترین تیپ دادەنرا لەو سەردەمەی شاری سلێمانی ئەم دوو تیپە لە گەڕەكی چوارباغ بووە، لە سەرەتای 1960 یاریم كردووە بۆ یانەی سلێمانی پاشان بۆ بە هەڵبژاردە تا ساڵی 1975 بەردەوام بووم لە وەرزش، پاشان ناو بە ناو یاریم دەكرد بۆ تیپی ئاری، لە دروست بوونی تیپی كارگەی جگەرەی سلێمانی كە نزیكەی 13 ساڵ یاریم بۆ كردوونت تا ساڵی 1973 لە لایەن وەزارەتی پیشەسازیی بەغداد بانگ كراوم بۆئەوەی بچمە ڕیزی یاریزانی یانەی پیشەسازیی، بەلاّم بەهۆی نەڕووخسادنی ژیانمەوە نەمتوانی بچم بۆ بەغداد.

* ئەنوەر كێ هاندەرت بووە، یان لە ڕێگای كێوە بوویت بە یاری زانی یانەو هەڵبژاردە سلێمانی؟
# عومەر ئەوەی یارمەتی داوم و لەكاتی خۆیدا لە یادم ناچێت خوالێخۆش بوو عەلی ئەحمد تەها و بەرێز كاك تالیب عەلی بووە كە ڕاهێنەریشمان بوو، پاشان یاری زانی بەناو بانگی كوردستان و عێراق حەمە پشكە بوو، بەهۆی ئەم بەرێزانەوە بوو من گەیشتمە ئاستی یانەو هەڵبژاردەی سلێمانی

* ئەنوەر یەكەم یاریت لە گەڵ كام تیپ بوو لە كوێ یاریەكە ئەنجام درا و چ ساڵێك بوو؟
# عومەر نازانم چی ساڵێك بوو بەلاّم دەزانم ساڵەكانی ناوەڕستی 1960 بوو لە گەڵ یانەی شەمەنەفەر
(سكەی حدید) بوو لە یاریگای سلێمانی كە یەكسان بووین بە گۆڵێك.

* ئەنوەر هۆی چ بوو بە یاریزانێكی هێڵی ناوەڕاست ناسرا بوویت؟
# عومەر من یاریزانی هێڵی ناوەڕست بووم بە حكومی ئەوەی كە ماندووبوونم نەدەزانی لە یاریدا لە كاتی هێرشبردن یارمەتی خەتی پێشەوەم ئەدا ئەگەر هێرشیش لەسەر ئێمە بوایە دەگەڕامەوە بۆ هێڵی بەرگری، ڕاهێنەرەكانی ئەو سەردەمەش وایان پێیاش بوو كە لەو جێگایەدا یارییبكەم.

* ئەنوەر تاساڵی چەند بەردەوام یاریت بۆ یانەو هەڵبژاردەی سلێمانی كردووە؟
# عومەر دەتوانم بڵێم تا كۆتای ساڵی 1975 بەلاّم دوای ئەو ساڵەش یاریم دەكرد بۆ تیپی ئاری.

* ئەنوەر كاتێك وازت لە یاری هێنا چیان بۆ كردیت لە لایەن یانەو یەكێتی تۆپی پێ وە؟

# عومەر باوەڕ بکەن دەتوانم بڵێم بە زۆر وازیان پێهێنام لە یاریکردن بەهەر حاڵ دوای وازهێنانم لە
یاریکردن وەك خۆم هیچم بۆ نەکراوە لە هیچ ڕوویەکەوە

* ئەنوەر تاوەکو ئێستاکە چ لایەنێکی وەرزشی یان حیزی بەسەریان کردوویتەوە؟
# عومەر لەوەتی وازم لە وەرزش هێناوە کەس ئاوڕی لێنەداومەتەوە لە هیچ لایەنێکەوە کەسیش بەسریان نەکردوومەتەوە، واتە لەلایەن دەزگا حیزبی و حکومیەکانەوە.

* ئەنوەر سۆپاسی بەرێزتان دەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە هیوای لەش ساغیو تەمەن درێژیت بۆ دەخوازین.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت
anwar@malmo2. net

یاری نێوان هەڵبژاردەی سلێمانی و هەڵبژاردەی کەرکوك لە یاریگای کەرکوك ساڵی 1969
لای ڕاست لە سەرەوە ئیبراهیم قاسم / ڕەزاق سوور / بەهادین شوت پان / عوسمانی شێخ محمد / فاروق / حمە بچکۆل / عەلی لەتیف / عەلی مەعسوم.
دانیشتوەکان لای ڕاستەوە / تایەر لەتیف / دلێر ئەحمەد / بەهادین محمەد / عومەر تۆفیق / سەلاح محمەد کەریم / عومەر ڕەزا




عومەر ڕەزا